ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق داواکارییەکانی کورد لەبارەی سەرژمێری گشتی تاوتوێدەکات

ئەمڕۆ ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کۆدەبێتەوە و داواکارییەکانی حکومەتی هەرێم لەبارەی پرسی ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی دانیشتووان تاوتوێدەکات.

بڕیارە ئەمڕۆ سەشەممە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کۆببێتەوە و یەکێک لە تەوەری کۆبوونەوەکەش تاوتوێکردنی داواکارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە سەبارەت بە ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی دانیشتووان کە بڕیارە لە 20و 21ی ئەم مانگە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بکرێت.

داواکارییەکانی کورد پێکهاتوون لەوەی کە لە سەرژمێری دانیشتواندا هاووڵاتیان لەسەر شارەکانی خۆیان تەماربکرێن، لەبەر رووندانی گۆڕانی دیموگرافی بەتایبەت لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، هەروەها نوێنەری حکومەتی هەرێم لە سەنتەری داخکردنی داتاکان لە بەغداد ئامادەیی هەبێت.